www.kurdistannet.org
11-9-02 00:00:08

## هەواڵی ئەنفال ڕۆژنامەکانی بولگاریای گرتەوە

**خۆپیێشاندانێک لە سوفیا**

**ڕۆژی یەک شەممە ٩/١ لە شاری سوفیای بولگاریا کۆمەڵەی ڕۆشەنبیری کوردی کە نوێنەری کەمپینی ئەنفال. هەڵەبجەیە خۆپیێشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێکخست کە کوردانی باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووری بچووک لە گەڵ دوستانی بولگاری کە پێک هاتبوون لە ٢ ئەندامی پەرلەمان و ٦ ڕۆژنامەنووس تیایدا بەشداربوون. خۆپیێشاندەران یادداشتنامەیەکیان دایە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئاشکەراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و یادداشتنامەیەکیشیان دایە باڵیوزی دانمارک لە سوفیا.**

**لە خۆپیێشاندانەکەدا بەرپرسی کادەک لە بولگاریا جگە لە خوێندنەوەی وتاری خۆیان پشتگیری خۆشی بۆ داواکاریەکانی خۆپیێشاندانەکە دەربڕی.**

**ئەوەی شایانی باسە بە هۆی دڵسۆزی د. ئەفرامۆف بەرپرسی سانديکای ڕۆژنامەنووسانی بولگارياو بەرپرسی سەنتەری برايەتی کورد و بولگاری، ڕۆژی پاشتر هەواڵەکە لە چوار ڕۆژنامەی بولگاری بە یادداشتنامەکەوە بڵاوکرايەوە.**

**پەیامنێری کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە**
**١٠-٠٩-٢٠٠٢**